زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

حکومەتی هەرێمی کوردستان
زانکۆی سەلاحەدین
کۆلێژی ئەدەبیات
بەشی کۆمەڵناسی/قۆناغی دووەم- کۆرسی دووەم

# کۆمەڵناسی پەروەردە

# Sociology of education

## بەکۆمەڵایەتیبوون

٢٠٢٢-٢٠٢٣

Dilshad Siamand

MSc University of Southampton/England

PHD  Salahaddin University/Hawler,

# ئامانجەکانی ئەم وانەیە بریتین لە

- بەکۆمەڵایەتیبوون (Socialization) چیە؟
- تێگەیشتن لە سەرچاوەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون
- سەرچاوەکانی بەکۆمەلایەتیبوون: خێزان
- سەرچاوەکانی بەکۆمەلایەتیبوون:قوتابخانە
- سەرچاوەکانی بەکۆمەلایەتیبوون: گروپی هاوتەمەن
- سەرچاوەکانی بەکۆمەلایەتیبوون: میدیا
- سەرچاوەکان

# بەکۆمەڵایەتیبوون (Socialization) چیە؟

- بەکۆمەلایەتیبوون: ئاماژەیە بۆ پرۆسەی گەشەسەندنی تاک، بەکاردێ بۆ پیشاندان و دەرخستنی ڕۆلی خێزان، هاورێ و قوتابخانە و دەزگایەکانی کۆمەلایەتی لەسەر بەکۆمەلایەتیبوونی تاک.
- بەکۆمەلایەتیبوون: پرۆسەیەکە مرۆڤ لە کاتی کۆرپەلەییەوە تاکو دەبێتە مرۆڤێکی وشیار، بەتوانا بەشێوەیەکی پلەداری پێیدا دەڕوات. لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ ئەم پرۆسەیە هەیە و تاک فێری بە کۆمەلایەتیبوون دەکات.
- بەکۆمەلایەتیبوون: پرۆسەیەکی ئالۆز و هەمەلایەنە. تاک فێری کولتووری کۆمەلگەکەی، ئەندامبوون لە گروپێکی کۆمەلایەتی، ئاشنابوون بە ژیان و جیهانی دەوروبەری دەکات. دواتر لایەنی کۆمەلایەتی و کولتووری تاک گەشەدەسێنێ و لە قۆناغێکەوە بۆ یەکی دیکە.
- بەکۆمەلایەتیبوون: پرۆسەی فێربوونی مامەلە و گونجان دەبێت لەگەل بەها و بیروباوەڕو و ڕەفتاری کۆمەلگەکەی کە لە سەرەتایەکانی ژیانی مرۆڤ تاکو کۆتای ژیان بەردەوامە بەبێ پچڕان.

# تێگەیشتن لە سەرچاوەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون

- سەرچاوەکانی بەکۆمەلایەتی بوون: هەموو ئەو سەرچاوە و دەزگایانە دەگرێتەوە کە تاک فێری پرۆسەی بە کۆمەلایەتیبوون دەکەن لەوانە خێزان، قوتابخانە، گرووپی هاوتەمەن، میدیا، شوێنی کار و دەزگا کۆمەلایەتییەکانی دیکە
- بەکۆمەلایەتبوونی سەرەتایی لە تەمەنی کۆرپەی تاکو مندالی دەگرێتەوە کە مرۆڤ فێری زمان و شێوازەکانی ڕەفتارکردن دەبێت و بنەمان بۆ فێربوونی زیاتر. لەم تەمەنەی مرۆڤدا، خێزان یەکەم سەرچاوەی بەکۆمەلایەتیبوونە. لە چەند مانگی سەرەتایی کۆرپەلە جیاوازی ناکات لە نێوان خەلک و کەرەستەکانی دەوروبەری، تەنانەت ناتوانێ خۆی بپارێزێت، تەنها دەبینێ و هەست بە شتەکانی دەوروبەری دەکات. لەو تەمەنەوە بەشێوەی پلەداری جیاوازی لەنێوان خەلک و شتەکان دەکات
- بەکۆمەلایەتیبوونی دوووەم، لە تەمەنی مندالیەوە دەستپێدەکات تاکو پێگەیشتنی مرۆڤ، لەم تەمەنەدا بێجگە لە خێزان، هەریەکە لە قوتابخانە، گرووپی هاوڕێی هاوتەمەن، دەزگایەکان، میدیا وشوێنی کار، ڕۆل دەبینن لە پرۆسەی بەکۆمەلایەتیبوونی مرۆڤدا. بە درێژایی ئەم تەمەنەی مرۆڤ، کارلێک و پەیوەندی کۆمەلایەتی یارمەتی مرۆڤ دەدەن بۆ فێربوونی بەها و نەریت و بیروباوەڕ و کولتوور بەگشتی. لێرەدا، ئەرکی پەروەردە ئەوەیە کە مرۆڤ فێری بە کۆمەلایەتیبوون و هەلگرتنی بەرپرسیاریەتی و ڕۆلبینین دەکات لە نێو کۆمەلگە و گرووپە کۆمەلایەتیەکاندا

# سەرچاوەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون: خێزان

- خێزان وەکو دەزگایەکی کۆمەڵایەتی، سەرچاوەیەکی دەستپێک وسەرەتا و سەرەکی بەکۆمەڵایەتیبوونی تاکە
- دایک، یەکەمین و گرنگترین کەسە لە ژیانی مرۆڤدا لەسەرەتاکانی ژیاندا، چونکە یەکەم کەسە کۆرپەلە پێی ئاشنا دەبێ و کارلێک و پەیوەندی لە نێوانیان دروستدەبێت .پەیوەندی نێوان دایک و منداڵ یەکەمین فۆرمی پەیوەندیە لەم تەمەنەی مرۆڤدا دەستپێدەکات و کاریگەری بێ هاوتا لەسەر ژیانی تاک دادەنێت
- لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا، پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون لەنێوان خێزان(دایک و باب، یان تەنها دایک یان باب) و منداڵەکاندا (خوشک و برا) دەستپێدەکات. لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی دیکەدا، بێجگە لە ئەندامانی خێزانێک (دایک و باب و خوشک و برا)، ئەم پەیوەندیە لە نێوان منداڵەکان و باپیر و داپیر، پلک، مام کەسە نزیکەکانی دیکەی خێزان دروستدەبێت و زۆر جار منداڵ لە نێو خێزانێکدا دەبێت کە ژمارەیان زۆرە
- لە کۆمەڵگەکاندا، ئایین و چینی کۆمەلایەتی خێزان کاریگەری لەسەر پرۆسەی بە کۆمەلایەتیبوون هەیە. خێزان پابەندی ڕێسایەکانی ئایینەکەیان دەبن و شێوازی ژیانی چینە کۆمەلایەتیەکەیان ڕەنگدانەوەی لەسەر خێزان دەبێ. منداڵ هەمان شێوازەکانی بۆچون و ڕەفتار و ستایلی ژیان بەگشتی لە  خێزانەکەی وەردەگرێت و لەگەڵ هاوڕێ و دراوسێیەکانی بەکاردەهێنێت

# سەرچاوەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون: قوتابخانە

- قوتابخانە سەرچاوەیەکی دیکەی گرنگ و سەرەکی پرۆسەی بەکۆمەلایەتیبوونی مرۆڤە. منداڵ لە نێو قۆتابخانەدا، یاسا و ڕەفتار و بۆچوونی نویَ وەردەگرێت کە پێشتر ئەمانە لە خێزانەکەیدا بوونی نەبووە
- لەم تەمەندا منداڵ فێری یاسا و ڕێسای قوتابخانە دەکرێت لەوانە ئامادەبوون لە هۆڵەکانی خوێندن لە کاتی دیاریکراو و بێدەنگبوونی، پەبەندبوون بە وانەکانی لە ڕێگەی لێپرسینەو و چۆنیەتی جێبەجێکردنی سزا و پاداشت، جێبەجێکردنی یاساکانی قوتابخانە لەم بارەیەوە، ڕێزگرتن و پابەندبوون بە یاسا و ڕێساکانی ستافی فێرکردن (مامۆستایان) و گوێڕایەلیان، کاریگەربوون بە ڕێنمایەکانی مامۆستا و جێبەجێکردنیان
- مانەوەی کاریگەری یاسا و ڕێسایەکانی قوتابخانە لە دەرەوەی قوتابخانە، پابەندکردنی قوتابی بە جێبەجێکردنی ئەرکی خوێندنی وانەکانی لە ماڵەوە و هەموو ئەو ڕەفتارە نوێیانەی لە قوتابخانە وەریگرتوون لەبارەی ڕێزگرتن، دەستپاکی، پاک و خاوێنی ...هتد.
- قوتابخانە دووەم سەرچاوەی گرنگی پرۆسەی بەکۆمەلایەتیبوونە لە دوای خێزان کە سەرەرای پەروەردە و فێرکردن، تاک فێری بەها و نەریتی کۆمەلایەتی کولتوورەکەی دەکات

# سەرچاوەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون: گروپی هاوتەمەن

- سەرچاوەیەکی دیکەی پرۆسەی بەکۆمەلایەتیبوونی مرۆڤ بریتییە لە هاوڕێی هاوتەمەن. ئەم گروپەی هاوتەمەن پێک دێن لە مندالی هاوتەمەن  کە ئالوگۆری بۆچوون و ڕەفتار و بەها و نەریتەکان دەکەن
- مندال لەم تەمەنەدا، کاتێکی زۆری تەمەنی لە نێو ئەم گروپە هاوتەمەنە بەسەر دەبات و دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕەفتارەکانی منداڵانی هاوتەمەن.
- لە نێو ئەم گروپەدا مندال کاتەکانی بە یاریکردن و مەمەلەکردنی لەگەل هاوتەمەنکانی بەسەردەبات کە ئەمانە  سەرچاوەیەکی گرنگی پرۆسەی بەکۆمەلایەتیبوونن
- لە ژیانی مندال و هەرزەکاردا، گروپی هاوتەمەن، گرنگی تایبەتی هەیە و کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕانی بۆچوون و ڕەفتار. بەشێوەیەکی گشتی لەم دوو تەمەنە جیاوازەدا، مرۆڤ کەسانی جیاواز دەناسێ و هاوڕێیەتیان دەکات

# سەرچاوەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون: میدیا

- میدیا، بە هەموو جۆرەکانیەوە، لەوانە تەلەڤزیۆن، رادیۆ  و ڤیدیۆیەکانی سۆشیال میدیا، کاریگەریان هەیە لەسەر گۆڕانی بۆچوون و ڕەفتاری منداڵ و هەرزەکار.لەم تەمەندا، تاک دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەموو ئەو بلاوکراوە بیستراو بینراوانەی میدیا کە ڕۆژانە بەکاریان دەهێنێ .زۆرجار منداڵ فێری هەمان ڕەفتاری نێو فلم و ڤیدیۆیەکانی نێو میدیا دەبێت و لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاری دەهێنێتەوە
- راگەیاندن کاریگەری گەورەی لەسەر گۆڕانی تێگەیشتنی مرۆڤ هەیە لەبارەی دەوروبەر و جیهانی دەرەوەدا. لە ڕێگەی میدیاوە مرۆڤ ئاشنایەتی لەگەڵ زانیاری و کولتووری کۆمەڵگەکان پەیدادەکات و زۆرجار ڕەفتاری نوێیان لێ فێردەبێت.
- منداڵ وەلامدەرەوەی هەیە بۆ ئەو پرۆگرامەی کە دەیبینێت و لێکدانەوەی خۆی بۆیانی هەیە. توێژینەوەکانی نوێ، تەلەفزیۆن بە یەکێک لە کاریگەرترین ئامراز دادەنێن لە پرۆسەی بەکۆمەلایەتیبووندا، دواتر ئامرازەکانی دیکە. لەهەمان کاتدا سۆشیال میدیاش کاریگەری گەورەی هەیە لەسە منداڵ و هەرزەکاران و مرۆڤ بە گشتی

# سەرچاوەکان


- Griffiths, H. and et al. (2017). Introduction to Sociology 2e. Houston: Rice University.

- Dosbenbetova, A. and et al. (2020). the process of socialization of the child's personality in the conditions of interaction of family and preschool educational institution, *Journal of Critical Reviews.* 7(7).

- Giddens, A. (2009). *Sociology 6th* . Cambridge: Polity Press.

- Maria, p. (2019). the importance of the socialization process for the integration of the child in the society, *ty - jourau* . (available at): https://www.researchgate.net/publication/330076266_THE_IMPORTANCE_OF_THE_SOCIALIZATION_PROCESS_FOR_THE_INTEGRATION_OF_THE_CHILD_IN_THE_SOCIETY